کوردستانی عێراق:

# ئەزموون و وانەکانی شوراکانی ئازاری ساڵی 1991.

ئازاد ئارمان
azadarman@hotmail.com

ئەمرۆ بیرەوەری تێپەربوونی دوازده ساڵەی رووداوەکانی ئازار بە گشتی و شوراکان بە تایبەتی تێدەپەرێت، خەڵکی عێراق لە بەردەم گەورەترین شەرو وێرانکاری دان لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە. لەم یادو ئەزموونەدا بە پێویستی دەزانم چاوێك بگێرمەوە بە رووداوەکانی ئازارو، لە ناو دڵی رووداوەکانی ئازاریش بە بزووتنەوەی شورایی، کە خالێکی پرشنگ دارە بۆ بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان.

سەرەتا پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەم، دەمەوێ دەست نیشانی ئەوە بکەم لە چ هەلومەرجێك دا رووداوەکانی ئازار و شوراکان لە دایك بوو. لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی دا، شەرِی درێژ ماوەی نێوان بلۆکە زلهێزەکان، بە سەرکەوتنی بلۆکی خۆرئاوا، بە سەر بلۆکی رۆژهەلات تازە کۆتایی پێهاتبوو، هەروەها دەوڵەتەکانی بە ناو سۆسیالیستی سەر بە رووسیا لە ئەورووپای رۆژهەلات لەلایەن خەلکەوە لە دەسەلات هێنرانە خواراوە و دەسەلاتیان کۆتای پیٚ هات. بلۆکی خۆرئاواش بە سەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی خەریکی ئاهەنگێران و وپروپاگەندەی ئەوە بوون "کۆمۆنیزم رووخا"، کۆتای مێژوو وە دیمکراسی و بازاری ئازاد بۆ هەتاهەتایە.

لە سەر ئاستی ناوچەکەو عێراقو کوردستانیشدا تازە شەری دە ساڵەی نێوان عێراق – ئێران کۆتایی پیٚ هاتبوو، ئەویش بە نرخی گیان لە دەست دانی زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤ و وێران بوونی ئابووری هەر دوو وڵات. لە ناوخۆی عێراقیشدا رژێمی بەعسی فاشیست لە جاران زیاتر هێرشی دەکردە سەر جەماوەری خەڵك و دکتاتۆرییەکەی بیٚ وێنە بوو، بە تایبەتیش هێرشی بۆ سەر کوردستان، وەکو کیمیابارانی چەندیین ناوچەو وێران کردنی سەدان گوندو شارۆچکە و ئەنفال کردنی زیاتر لە دوو سەد هەزار هاولاتی کوردستان، هەروەها لە سێدارەدانی هەزارەها زیندانی سیاسی و خەلکی بیٚ تاوان. . . هتد.

لەو هەلومەرجەدا رژێمی بەعس، بۆ دەربازبوونی لە ئەزمەکانی خۆی، تەنها رێگا چارەی لە وەوە بینیەوە هێرش بکاتە سەر دەولەتی کوێت و لە رێگای سەربازی داگیری بکات، رژێمی عێراق بەم کارەی نەك چارەسەری ئەزمەکانی نەکرد بەلکو هەرچی زیاتر نوقمی ئەزمەی زیاتر بوو و هەلێکی زێرینیشی دا بە دەست ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ دەخالەتی راستەو خۆ لە رۆژهەلاتی ناوەراست و بە تایبەتیش لە عێراقدا.

لە دڵی ئەو هەلومەرجەدا، جەماوەری خەڵکی کوردستان، فرسەتێکی یان بۆ رێکەوت و توانیان لە ماوەی چەند رۆژێك دا تەواوی هێز و دامو دەزگاکانی رژێمی بەعس لە کوردستان رامالنو وەدەریان نێن. هەر لە هەمان کاتدا هەلسووراوانی چەپ، بە پێچەوانەی هێز و ئەحزابە بۆرژازی یەکان (کە ئەو کاتە لە بەرەی کوردستانی دا رێکخراوبوون، ئاسۆ و ئامانجیان گریٚ دابوو لە گەل ستراتیژیەتی ئەمریکا، بە تەواوی هێزی پرۆ– ئەمریکایی بوون) .

ئەلتەرناتیفێکی تریان خستە بەردەم کۆمەلگای کوردستان، ئەویش بەرپاکردن و راگەیاندنی بزووتنەوەی شورایی بوو، کە توانی لە ماوەیەکی زۆر کورت دا گەلێك هەنگاوی بە سود هەلبگریٚ لەوانە: بەرپاکردنی کۆبونەوەی جەماوەری گەورە لە هەموو ناوەندەکانی کارگەو کارخانەکان و گەرەکە هەژارنشینەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان، پێکهاتنی شورا لە بەشێك لەم ناوەندانەدا، بەرزکردنەوەی چەندین دورشمی جەماوەری و کرێکاری وەکو ئازادی بیٚ قەیدوشەرتی سیاسی، ئەمانی تەجنیدی ئیجباری، (نان، کار، ئازادی، حکومەتی شوورایی) ، یەکسانی ژن و پیاو، . . . هتد. ئەمانە و چەندانی تر بەشێك بوو لە کارو پراکتیکی بزووتنەوەی شوورایی. هەروەها لە کاتی هێرشی رژێمی بەعس بۆ سەر کوردستان لە 31 ی ئازار دا، هێزی چەکداری شوراکان لە گەل بەشێك لە خەلکی چەکدار توانیان بەرگرییەکی بیٚ وێنە ئەنجام بدەن و پۆلێك لە هاورێیانی شوورا دوای گیان بازیەکی زۆر لە بەرامبەر هێزی داگیر کەری بەعس گیانیان لە

دەست دا. لە هەمان کات دا هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە ڕووی چەندایەتی یەوە پێوانە نەدەکرا لە گەل هێزی چەکداری شوراکان. هێزەکانی بەرەی کوردستانی ژمارەیان کە چەند بەرابەر زیاترو خاوەنی سەدەها چەکی قورس و سوك بوون، بەڵام نەك هەر بەرەنگاری یان نەکرد بەلکو پێش خەلکی مەدەنی بە لانگرۆزرەکانی یانەوە بۆی دەرچوون و، بۆ ساتێکش لێپرسراوەتی یان نیشان نە دا لە بەرامبەر خەلکی کوردستان، هەر ڕاستەوخۆ دوای چەند ڕۆژێك، بەرو بەغدا کەوتنەوە ڕێ!!!!!!

لە گەل هەموو ئەو کار و هەلسورانەی بزووتنەوەی شورایی ئەنجامی دا. لە کاتی خۆیدا کە توانی چەند هەنگاو بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستان بەرێتە پێشەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەم بزووتنەوەیە توشی چەندین ڕێگری و هەلە و کەموکوری سیاسی بوو.

**ڕێگری یەکانی بەردەم گەشەی شوراکان**

١. لە ئاستی نێونەتەوەییەوە بزووتنەوەی سۆسیالیستی، ڕوو لە خوار بوو، شکستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و، لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕووسیا، بە شکستی کۆمۆنیزم ناو زەرد کرابوو. کاریگەری زۆر خراپی دانا لە سەر تاسەری جیهان.

٢. لە ئاستی عێراق و کوردستانیشدا، بزوونتەوەی کرێکاری بێ ئەزموون بوو، لە کاری ڕێکخراوەیی یەوە، بە تایبەتیش ئەزموونی شوورایی (هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ دیکتاتۆریەتی ڕژێمی بەعس، کە زیاتر لە 35 سالە بێ بەشە لە بچوکترین کاری ڕێکخراوەیی) .

٣. هەیمەنەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ناوچەکەدا، وەکو ئەلتەرناتیڤێکی ڕەش و دژی شۆرش.

٤. بە هێزی سونەتی چەندین سالەی چەکداری (پێشمەرگایەتی) لە ناو خەلکی کوردستان دا. هەتا لە ناو بەشێکی زۆری خەڵکی شارەکان و چینی کرێکاریش.

٥. هتد

**هەڵە و کەموکوری یەکان**

هەموو ئەزمونەکانی مێژووی خەباتی چینایەتی لە ڕابردوو بێ هەڵە و کەموکوری نەبوون، ئەزموونی بزووتنەوەی شوراییش لە کوردستان چەندین هەلەو کەموکوری تیابوو بەشێکیان ئەمانەن:

١. بەشی زۆری هەلسووراوانی بزووتنەوی شورایی، لە دەرەوەی چینی کرێکار بوون. واتە ڕابەرانی چینی کرێکار نەبوون لە پێش ڕووداوەکانی ئازار، بەلکو هەلسووراوێکی سۆسیالیستی پیشەیی بوون، کەم ئەزموون بوون لە بارەی خودی چینەکەوە، هەر بۆیەشە بەشێك لە داخوازی یەکانی کە بەرزکرابۆوە زیاتر دروشمی زەهنی چەپەکان بوو لەوەی هی خودی چینی کرێکار بێت.

٢. سیکتاریزم و محفەلیزم، دوو سونەتی بە هێز بوون لە ناو بزووتنەوەی شوورایی. کە لە کردەوەدا ئامانجی ئەمانە زیاتر پروپاگەندە بوو بۆ ڕێکخراوەکەیان، لەوەی بردنەپێشەوەی داخوازی یە کرێکاری و جەماوەری یەکان بە گشتی.

٣. لە مەیدان نەبوونی دەوری حیزبێکی سۆسیالیستی شۆرشگێر، کە بتوانێ وەکو مەیلی کرێکارانی سۆسیالیست دەرکەوێ لە ئاستی عێراق دا. کە بتوانێ خەباتی چینی کرێکاری عێراق گرێ بدا لە گەل هاوچینەکانی لە سەرتاسەری جیهان دا.

٤. نە ناسینی هەلومەرجی مەوجود و، جێگا و شوێن و، ئاستی داخوازی یەکانی چینی کرێکار. هەروەها بریار دەرکردن و، بەرزکردنەوەی داخوازییەکان لە دەرەوەی چینی کرێکار، بە مەیلی خودی چەپ خۆی.

٥. کۆپی کردنی داخوازی و داواکاری یەکانی بزووتنەوی کرێکاری لە جیهان دا، سەپاندنی بە سەر چینی کرێکار لە کوردستان و عێراق. (نموونەی 35 سەعات کار لە هەفتەدا) .

www.kurdistannet.org

٦. دەرك نەكردن و نە ناسینی هەلومەرجی شۆرشگێرانە و نا شۆرشگێرانە. ئالوگۆر پێكردنی بەپێی ئارەزووەكان و لێكدانەوەی نا ماركسیستی، رۆژێك دەیگوت ئەمە" شۆرشی كرێكاری یە" دواتر لێی پاشگەز دەبۆوە و بەم نەزەرە دەگەیشت ئەمەی رووی داوە هەر راپەرینش نەبووە. . . هتد.

ئەزموونە مێژووی یەكانی بزووتنەوەی كرێكاری و سۆسیالیستی لە جیهان، دەیان وانەی گرنگی فێری وەچەیەك لە سۆسیالیستەكانی دوای خۆی كردوە. سۆسیالیستەكان لە چینی كرێكار فێر دەبن، چینی كرێكاریش لە سۆسیالیستەكان فێر دەبێ، بەلاّم ئەسل چینی كرێكارە. كارل ماركس كاتێ باسی رامالینی دەزگاكانی بۆرژوازی دەكات، ئەو لە زەهنی خۆی یاخود لە مۆزەخانەی بەریتانیا فێری نەبوو، بەلكو ئەزموونی كۆمۆنەی پاریس فێری كرد بەبێ رامالینی تەواوی دەزگاكانی بۆرژوازی ئیمكانی نییە چینی كرێكار دەسەلاّت بگرێ. یاخود لییۆن ترۆتسكی لە زیرەكی خۆیەوە یان لە ناو پەرتووكەكان فێری ئەوە نەبوو، قۆناغی شۆرشی رووسیا، شۆرشی سۆسیالیستییە (ئەو كاتە تەواوی مەنشەفیكەكان و بەلْشەفیكەكان بە پلیخانۆڤو لینینیشەوە باوەرییان وابوو قۆناغی ئێستای شۆرشی رووسیا دیموكراتی بۆرژوازی یە) ، بەلْكو شۆرشی سالْی 1905 بوو ترۆتسكی فێر كرد بەم ئەنجامگیری یە بگات.

ئەزمونی بزووتنەوەی شوراییش لە كوردستان، ئەبێ ئەم وانانەی فێری سۆسیالیستەكانی كوردستان كردبێ، هەنگاوەكانی داهاتوومان ئەبێ چی بێت؟

ئەوەی لێی فێر بووین ئەوەیە: بەبێ بوونی حیزبێكی سۆسیالیستی شۆرشگێر، خەباتی جەماوەری هەرچەندە بە هێز بێت و لە گەشەسەندن دا بێت، لە كۆتایی دا دەسكەوتی نابێت، لە هەمان كاتدا ئەبێ ئەمەش بسەلمێنین یاخود فێر بووین چینی كرێكار شۆرش بەرپا دەكات، بەلاّم حیزبەكەی رابەرایەتی دەكات هەر وەك لییۆن ترۆتسكی دەلّێ" بەبێ رێكخراوەیەك كە رێبەرایەتیمان بكات ووزی جەماوەر بە فیرۆ دەچێت وەك هەلْمی بێ پشتیوانی ناو پستون یان سندوقێك، بەلاّم لە گەل ئەوەشدا ئەوەی شتەكان دەبزوێنێ پستونەكە یان سندوقەكە نی یە، بەلْكو هەلْمەكەیە ". با ئەزموون و وانەكانی بزووتنەوەی شورایی، رێ نیشاندەری كاری داهاتوو بێت بۆ سۆسیالیستەكان. هەروەها لێدانی زەنگی چینایەتی مان بێت.

10. 03. 2003

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣